Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.07.14 05:08:29 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

ئاسۆ ڕەشید بیارەیی

سەعاتەکەی (حەمەشەل)یش بوو
بەدووسەد دەقە..

کۆمەنیستەکان یا باشترە بڵێم شیوعیەکان ئەوەندە کۆبونەوەیان کردوە چۆن لەسەعات دوادەکەون، ئاو بوەستێ ئەوان ناوەستن..ئەدی کو ؟ ئەوان بڕوایان بەماتریالیزمی دیالکتیك هەیە و هەمووشتێك لەسروشتدا دەجوڵێتەوە .
دیارە کوردیش بۆیە ئارەزووی هەڵپەڕکێ لەبن نایە وبەزەوقە.
بڕوام نەدەکرد کەحزبێ بەنهێنیەوە کۆنفرانسی سازکردبێ لەم ئازادیەی سویددا لەجەژنی دامەزراندنی خۆیدا دوابکەوێ..
بڕیاربوو مارشی ئەنتەر ناسیۆنال کاتژمێر حەوت زەوی وولاتی نیمچەسوور(سوید) بلەرزێنێ..بەلاّم دوای دوو سەعات ئەوسا پەیڤی پارتەکان خوێندراونەوە.باش بوو ئەوجارە نوێنەری پارتی چەپی سوید تووشی پەتابووبوو ، بۆی نەکرابوو بێت ئەگینا ئەویش کەمێکی دەڕیسا.
زۆر لەلاوەکان هەرلەماڵەوە سەرچۆپیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو.بەوان بوایە ئاهەنگ لەسەرەتاوە بەزوڕناو دەهۆڵ دەستپێبکردایە.
ووشەی ووتارە تێروتەسەلەکان وەك بنێشتی ناودەمێکی ماندوو چرکەکانیان بەدیلدەگرت و لەباسی مێژوی حزبەکەی حەمەشەلی عەرەبانچی کەوتبوون بەقیندا.بەداخەو ئەمجارەش بەختی لاوان کورتی هێنا .گۆرانی بێژێکی دووگیانێکی خەڵکی لوبنان تا دەونیوی شەوێ یابویە یابویەی چڕی.
ئەوەندەی خۆشبوو کەباڵای ناسری ڕەزازی سەرشانوێی وەك هەتاوی دوای باران ڕوشنکردەوە ،مەیدانی هەڵپەڕکێ وەك شانەی هەنگ دەهات ئاسەوانی بۆدروستبوو.کابرایەکی سەرسپی ، هاوڕێیان تکایەڕیز تێك مەدەن و بەهێواشی شایبکەن ! لەو وابوو ئامادەبووان هەموویان هاوڕێن و هاتوون کۆشکی گوستاف ڤاسا بگرن .
گەنجێك : دەوازبهێنە فلان ؟ سێسەعاتە چاوەڕێین بۆ کەمێ هەڵپەڕکێ ، تۆش وازناهێنی !..
تادەهات هەی هەی گۆرانیبێژ خەڵکی دەهەژان وشای دڵتەنگی ئەتاران:

بم شێلە بم شێلە بێرەو پاڵم !
قەزات لەسەرومالّم ،بوکی تازەی ناومالّم

چوم کەمێ بەختەوەری خۆم نیشان بدەم ،نەك هەڵنەپەریم بەڵکو بەهەزار حالّ لەقەرەبالغی خۆم رزگارکرد.ئەوەم بەبیرهاتەوە( کەزوو برادەرێکم هەبوو لەقوتابخانە ئەیووت من بەجادەی قیرنەبێ ناڕۆم خۆ وەك مارکس سەرم لێنەشێواوە باوکی دەولّەمەندبوولەبرسا خەریك بوو بمرێ)کەبەشی ئێمەمانا تەنها بزنە ڕێیە نەك تولەڕێیش.ئێمە لەجادەی پاندا جێمان نیە.
چومە دەرەوە هەوای پاك هەڵمژم ، ژنێکی جلکوردی پۆش بانگی کردم .بەکوردی وەلامیمدایەوە بەلاّم ئەو بە سویدی ئاخەفت.چوم بەدەمیەوە ووتی: توخوا ئەوبەیتەی دواییم بۆ ناکەی بەسویدی چونکە من سویدیم کوردی تێناگەم.
ووتم کامە؟
ووتی:بێرە و مالّم ، لەو وابوو ناوی کەس و شارە..
ووتم :ئەوگۆرانیە باسی مەسازی(شێلانی)کوردی دەکات کەکیژانی کورد بۆ دەنکەکانیان ئەیکەن ، ئەی تۆ قەت مێردەکەت ناشێلی ؟
ووتی جاخۆ لە شەختەی ئەم وولاتە گیری نەخواردوە ودوکانی مەسازم دانەناوە.
لێشمی پرسی کەوا ئاهەنگەکە بۆ وا دواکەت ؟
ووتم : ئەی نەت بیستووە سەعاتی ئێمەی شەرقی دووسەد دەقەیە ، خۆ پیاوئەبێ پارێزگاری داب و نەریتی خۆی بکات با خەڵکی ئەم وولاتەش نەبێت.کات کەی مەسەلەیە پیاو بیری لێکاتەوە.!

,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,

گوستاف ڤاسا : پاشای سوید